# گەشتێك بۆ بیرەوەریستان

ئەگەر لەبری ئەو فیشەکانەی کە لە شەڕە میلیشیاییەکانی 1991- 2007دا بە سنگی لاوانی ناهوشیار و شوێنکەوتووی پارتە رامیارییەکانەوە نران، لە کێو و دۆڵ و بانەکانی کوردستاندا بەڕوو بچێنرایە، هەنووکە کوردستان وڵاتێکی سەرسەوز و ژینگەیەکی خاوێن دەبوو... هەژێن

دوابەش : کوردستان بەگشتی

ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و بەرژەوەندی تایبەتی و هەلپەرستی بەرچاومان لێڵ نەکات، ئەوا کوردستان (باشووری کوردستان) ئەوەی کە ڕۆژگارێك هەر یەکە لە ئێمە کەم تا زۆر و بە شێوەیەك لە شێوەکان خەباتمان بۆ ڕزگارکردنی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەر کردووە، ئەوڕۆکە نیشتمانێکی هەڕاجکراو یا راستر بڵێم هەراجخانەیەکی گەورەی بازارئازادە لە ناوچەکەدا و هەرچی کاڵای نارەسەن و ساختەکراو و بەسەرچوو (ئێکسپایەر)ی دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە، تێیدا ساخ دەکرێتەوە و ئەو هاووڵاتییەی کە زیاتر لە نیوسەدە خەونی بە نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدان و پێشکەتووەوە دەبینی، ئەوڕۆکە نائومێدانە یا ڕێگەی هەڵاتنی بەرەو هەندەران گرتووەتەبەر یا لەناوخۆدا لەژێر چەکمەی ئاسنینی* سەرمایەدارە پارتی (حزبی**)یەکاندا دەپلیشێنرێتەوە. ڕۆژگارێك کە هەر یەکە لە ئێمە گیانی خۆمان لەناو لەپمان دانابوو، ئامادەبووین وەك میدالێك بیدەین لە گەردنی کێوەکانی نیشمان، پێمان وابوو کە خەبات بۆ بەدیهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ کۆمەڵگە دەکەین، کە پەیامەکەی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەرییە. بەلام ئەوڕۆ دەبینین، کە ڕەنجی ئێمە و گیانبەخشی هاوڕێکانمان بەفیڕۆ چووە و ئەوەی ئێمە خەریکی بووین، گۆڕینی خودەی سەربازی بە جەمەدانی، پۆستاڵ بە کلاشی هۆرامانی، خۆفرۆش بە پێشمەرگە و سەدام بە تاڵەبانی بووە!

لە بەشەکانی تردا هەوڵم دا ئەو شوێنانەی کە پێیاندا تێپەڕیبووم و سەدانیم کردبوون، بەسەر بکەمەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەو ڕووداو و دیاردە سەرنجڕاکێشانەی کە بەرچاوم کەوتووون، وەك خۆیان بگێڕمەوە:

کارگەرانی ئاسیایی و بێکارانی کوردستان

ئاخۆ ئەو کارگەرە بەدبەختانەی بەنگلادیش و هیند و فلیپین و ....تد، کاتێك کە فۆرمی مۆڵەتی کارکردن لە عیراق و کوردستان پڕ دەکەنەوە، خەیاڵی چی بکەن و چ ئارەزوویەکی وەدینەهاتوویان لە کەشکۆڵەکانیاندا بەشاندا دابێت، تاوەکو لە هەولێر و سلێمانی بیکەنە

کەتوار؟ ئاخۆ چییان لەبارەی کوردستان و هەلومەرجی کارکردن و مافی مرۆڤ بیستبێت؟ ئاخۆ چۆن وێنای ئەو بەهەشتەیان کردبێت، کە دەڵاڵانی چاوچنۆکی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، بۆیان رازاندووەنەتەوە؟

نیوەڕۆیەکی گەرم لە ئازادییەوە بە پیادەڕێ بەرەو نێوبازار هاتمەخوار، لە یەکێك لە شەقامە لەبیرکراوەکانی سلێمانیدا، کۆمەڵێك مرۆڤی پۆشاك نارنجی و چەکمە لاستیك لە پێی ڕووتەڵەم بەرچاو کەوتن، کە خەریکی گسکدان و خاوێنکردنەوەی شەقامێکی پڕ تەپوتۆز بوون، کە بەدەگمەن پەڵەی قیرتاویی لەژێر خۆڵ و تەپوتۆزدا دیار بوون. بە برازاکەمم وت، ئەی ئەوە کار نییە، بۆچ تۆ بێکار دەسوڕێیتەوە؟ لەوەڵامدا وتی "ئەگەر لە برسا بمرم، ئامادە نیم مل بەو هەموو سوکایەتی و بەشخوراوییە بدەم، کە ئەوان لە ناچاریدا ملی پێ دەدەن". لێم پرسییەوە، ئەی مەگەر تۆش لە بێکاریدا هەر ناچار نیت؟ لەوەڵامدا وتی " نەخێر، ئەوان دووجار ناچارن، جارێك کە لە بێکاریدا و جارێك کە بۆ دەربازبوون و گەرانەوە، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نییە، پاسپۆرتەکانیان لێ وەرگیراون و مانگانەکرێشیان پێ نەدراوە و بۆ زیندوومانەوە و بەدەستهێنانی پارووە نانێك و لەترشی هەڕەشەوگوڕەشەی دەڵاڵەکان، ناچارن مل لەوە خراپتریش بدەن!".

لەگەڵ تاوسەندنی گەرماکە و بەرزبوونەوەی تەپوتۆزی بەرگسکی کارگەرەکان، قین و توڕەیی منیش لە هەڵچووندا بوو و لەبەر خۆمەوە جنێوم بە خۆم دەدا. ... برازاکەم لێی پرسیم "چییە مامە، ئەوە چی دەڵێیت؟". وتم، هیچ نییە، جنێو بەخۆم دەدەم، کە ڕۆژگارێك مێردمناڵی و لاوێتی خۆم لەپێناو بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەم دڕندانەدا کردە قوربانی، ڕۆژگارێك بوو، پێمان وابوو، بەری خەباتی ئێمە کوردستان دەکاتە بەهەشت بۆ چەوساوەکان، نەمانزانی دەیکەنە دۆزەخ بۆ خۆمان و بۆ کارگەرانی ولاتانی تری هەژارکراوی وەك کوردستان!

ئەم دیمەنە لە هەولێر، سەرنجراکیشترە، لە بازارە چەند نهۆمییەکەی شوێن فەرمانگەی کارەبای کۆن (بازاری نیشتمان)، لە هەر نهۆمێکدا لەتەنیشت قادرمە کارەباییەکاندا دوو دوو و سێ سێ، لاوانی ئاسیایی ڕوخسار ئەسمەر و لاواز لە پۆشاکی نارنجی و کلاشی هەورامی بە گسك و خۆڵڕێژەوە وەستاون و ئامادەن خۆڵ و زبڵدانی کڕیاران پاك بکەنەوە. بێجگە لەوەی شێوەی ڕوخسار و ڕەنگی پێستیان و زمانیان لە خەڵکەکە جیایان دەکاتەوە، وێك نەهاتنەوەی ڕەنگی نارنجی پۆشاکەکەیان و شین و سوور و سپی کلاشەکانیان، وەك چشتەکی ناوازەی لێ کردوون. چەند هەنگاوێك لەو لاشەوە، لە چوارییانەکەی شێخەڵادا دەیان مێردمناڵ و ژن و پیرەمێردی کورد کیسەفرۆشی و دەرۆزە دەکەن!

کۆکردنەوەی ئەم دیمەنانە، تەنیا لە هونەرمەندی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەوەشێتەوە، ئەگینا لە کوێی دونیادا شتی وا ڕوویداوە، وڵاتێك کە خاوەنی دوو کارخانە و شاڕێ و کێڵگەی هاوچەرخ و ئەلەکتریك و ئاو و ئاوەڕۆ نەبێت، وڵاتێك کە زیاتر لە سەدا سی (30%) دانیشتوانەکەی بێکار بن، وڵاتێك کە گرانی شمەك تێیدا سنووری بەزاندبێت، وڵاتێك کە

لاوانی دەستە دەستە لەتاو بێ مافی و بێکاریدا چارەنووسی خۆیان بدەنە دەم گێج و شەپۆڵی ئاوەکانی نێوان تورکیە و یۆنان، هێنانی دەستی کارگەر لە وڵاتانی تر، دەبێت چ لێکدانەوەیەك وەربگرێت، لە کاتێکدا کە هەلومەرجی کار و ژیان و ئاستی پێشکەوتن و تەنانەت مافی کارگەر لە وڵاتی خۆیاندا لە چاو کوردستان و عیراقی بێسەرەوبەرە باشترە؟

کارەکەرانی دەرەوە و باجییەکانی ناوخۆ

من وەك کەسێك دژی خزمەتکاری ژنان لە نێوماڵان، تەنانەت لەو بارەشدا کە چاودێری منداڵان و پەککەوتان هۆکارییەتی. چونکە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا هێشتاکە ئەم کارە وەك کارێکی کۆمەڵایەتی دانپێدانراوی بەڕێز چاوی لێ ناکرێت. هێشتاکە کەم نین ئەو منداڵە هەژارانەی کە کارەکەری دایکییان لە ماڵان وەك نەنگییەك بەنێوچاویاندا دەدرێتەوە. لە هەمانکاتدا کاری نێوماڵان و چاودێری وەك پیشەیەکی هەڵاوێری ژێندەری تایبەت بە ژنان کراوە. لەولاشەوە ڕێژەی بێکاری لە کوردستان لە 30% زیاترە و ئەم ڕێژەیە لەنێو ژناندا خۆی لە 80-90% دەدات. کەچی دەلاڵانی بازار، دەچن لە وڵاتانی هەژاری وەك کوردستانەوە ژنان و کچان بۆ کارکەری ماڵان و لەژێر پەردەی ئەمەشدا بۆ تێرکردنی هەوەسبازی لێپرسراوان و دەوڵەتمەندان دێنن. وەك پێشتر لە وتارێکدا (لە شەڕستانەوە بۆ کۆیلەستان) باسم لێوە کردووە، بۆچی ژنانی کوردستان ئامادەنین وەك چاودێری منداڵان و پەککەوتان و کاری نێوماڵ کار بکەن، بێجگە لەوەی کە ئەم کارە وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و کارێکی پیشەیی بەڕێز لەبەرچاو ناگیرێت، تەنیا دەتوانێت هۆکارێکی تری هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە ژنانی کوردستان بە ئاسانی ناچنە ژێرباری داخوازییە نابەجێکانی پیاوانی گەندە پێگەییوی هەوەسبازەوە.

هەروەك چۆن مۆبایل بازار داگیر دەکات و هەموو سەرکۆڵانێك نووسینگەیەکی کۆمپانیاکانی گەشتیاری هێڵە ئاسمانییەکانی تێدا کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کە ماف و ئەرکی بەکاربەر و فرۆشیار دیاری کرابێت، هەرواش ژنان و کچانی ئەسیوپی و فلیپینی و ئۆکراینی و ... و ... تد دەهێنرێنە کوردستان و بێجگە لە ئەتکردن و سوودوەرگری سێکسی لێیان، لەلایەن ژنانی خانەخوێی دەوڵەتمەندەوە وەك کۆیلەیەك ڕەفتاریان لەتەکدا دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا زۆرێك لە ژنانی لێپرسراوان و دەسەلاتدارانی ئەوروکە بۆخۆیان ڕۆژگارێك لە ئەورووپا و ئەمەریکا نۆکەری ماڵان بوون و شارەزایی دەستوور و مافی یاسایی خزمەتکاران بوون و وەك هەر کارێکی کۆمەڵایەتی ڕێزی لێدەگیرێت و فرەتر بۆ چاودێری منداڵان و پەککەوتان و کاری نێوماڵی ئەو کەسانەی کە خۆیان کاتی جێبەجێکردنی ئەو کارانەیان نییە، هەروەها تەنیا کاری ژنان نییە و پیاوانێکیش هەن کە لەو بوارەدا کاردەن. بەڵام ژنانی لێپرسراوان و دەوڵەتمەندان، لەبەر ئەوەی کە لە هەندەران هەر وەك کۆیەلەیەك لەلایەن پیاوەکانیانەوە هەلی خۆپەروەردەکردن و خۆ پێگەیاندنیان لێ زەوتکراوە و بۆ قەرەبووی ئەو تێکشکاوییان، ژنانی ئەسیوپی وەك کارەکەر دەهێنن و لەبازار و سەیرانگەکاندا دەیانخەنە دوای خۆیان. ئەمە مۆراڵ و سوونەتی کۆیلە ژنەدەوڵەتمەند و شێخەکانی کەنداوە. ئاخر لە کاتێکدا کە

ژنانی کوردستان بۆخۆیان بێکارن و لەماڵەوە وەك ئامێری تێرکردنی هەوەسبازی پیاوان ڕاگیراون، نازانم دەستیار و  کارەکەریان بۆچییە، بێجگە لە شکاندنەوەی کۆیلەتی خۆیان بەسەر ژنانی تردا. ئەمە سوونەت و یاسایەکی هەمیشەگی کۆمەڵگە چینایەتییەکانە، ئەگەر کۆیلەدار، دەرەبەگ و سەرۆککۆمار زللەیەك لە جێگرەکەی بدات، دەنگدانەوە و شکانەوەی ئەم زللەیە دواجار دەسرەوێتە بناگوێی کارگەرێك یا سواڵکەرێك یا باجییەك و ئەو ژنە کارەکەرانەی کە لە ئەسیوپیا و ولاتانی تروە دەیانهێنن. ئەو ژنانەی کە توانای بەرەنگاری توندوتیژیان نیە یا لەبەر دەوڵەتمەندی پیاوەکانیان ملی پێدەدەن، فشارە دەروونی و ئازارە گیانییەکانی خۆیان بەسەر هاوژێندەرەکانی خۆیاندا وەك دەستەمۆترین مرۆڤی لەبار بۆ ئەو کارە دەشکێننەوە و ژنانی ولاتانی هەژار و ڕەشپێست و دیان بە نۆکەر دەگرن.

لەم گەشتەمدا بۆ خۆم بینەری سوکایەتی و ڕەفتاری نامرۆڤانەی خێزانێکی دەوڵەتمەند بووم، کە بەرامبەر کارەکەرە «ئەسیوپی»یەکەیان دەیانکرد. ئەگەر تا دوێنێ خۆشیم لەوە هاتبێت، لە شوێنێك بڵێم کوردم، لەبەر هەبوونی هەندێك مۆڕالی مرۆیی کۆمەڵگەکەمان بوو، بەڵام ئێستا چۆن ئەگەر عەرەب بوومایە لەبەرامبەر تاوانەکانی بەعس – بە چەپ و ڕاستییەوە- بەرامبەر گەلی کورد خۆم بە شەرمەزار دەزانی، هەرواش خۆم بەشەرمەزار دەزانم کە نیشتمانەکەم ببێتە بازاری کڕین و فرۆشتنی ژنانی ئەسیوپی و فلیپینی و ئۆکراینی وەك کۆیلەی هەرزان. بە بڕوای من ئەگەر هەر مرۆڤێکی ویژدان زیندوو و ئازادیخواز دژی ئەم دیاردەیە نەبێت، ئەوا تاوانبارە.

نەبوونی نیشانە و تابلۆی ڕێنمایی ڕێگاوبان

سەرەڕای ئەو هەمگە هەراوهوریایەی میدیای پارتەکان بۆ ڕێگسازی و چاکسازی ڕێگەوبانەکان دەیکەن، نەبوونی تابلۆ و ڕێنماییەکانی سەر شاڕێ و شەقام و کۆڵان و ڕێگە و بانەکان، گەواهی نەبوونی ڕۆشنبیری تایبەت بە چۆنییەتی پاراستنی ژیانی گەشتیاران و سەلامەتی دانیشتوانی سەر شاڕێگەکان و گرنگ نەبوونی سەلامەتی و خەڵکی بۆ دەسەلات دەگەیێنێت.

لە کاتێکدا کە لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا و لەسەر دەستی ڕژێمی میلیتاریستی بەعس، لەسەر ڕێگەوبانەکان نیشانە و تابۆکانی تایبەت بە هاتووچۆ دانرابوون، کەچی ئەوڕۆکە ئەگەر تاکوتەرا لێرە و لەوێ نیشانەیەك یا تابلۆیەك بەرچاو بکەوێت، ئەوا زیاتر وەك یاداوەرییەکی سەدەی رابوردوو و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس دێنە بەرچاو. بە پێچەوانەوە سەر ڕێگەوبانەکان و دەرگەی شارەکان و  ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیە دەڕۆن، تابلۆی کۆمپانیا ئێرانی و تورکییەکان یەك لە شانی یەك دەچەقنە چاوی گەشتیاران و ئەگەر بە ڕێکەوت نیشانە و تابلۆیەکی هاتووچۆ مابێت، ئەوا یا هەڵگەراوەیەوە یا تابلۆی کۆمپانییەکی ئێرانی و تورکی دایپۆشیوە.

کاتێك کە مرۆڤ لە ڕەفتاری دەسەلاتداران لە کوردستان دەکۆڵێتەوە، دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە گرنگینەدانی دەسەلات بە ڕێنوێنی و نیشانەکانی هاتووچۆ یا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترومبێل و کاروانەکانی لێپرسراوان هاژوشتنیان سنووردار نەکرێت، یا ئەوەتا بازارئازاد بە پێچەوانەی تەواوی دونیاوە لە کوردستان نەك تەنیا نرخ و پشتیوانەی دەوڵەتی بۆ هەرزان راگرتنی بازار وەلا دەنێت، بەڵکو نیشانە و ڕێنوێنییەکانی هاتووچۆش دەکاتە یاداوەری سەردەمی بەعس و هاژوشتنیش ئازاد دەکات و یاسای جەنگەڵ – بەهێز و بێهێز- دەهێنێتە کایەوە و شۆفێران دەبێت بە ملکەچییەوە لە گشت کات و شوێنێکدا خۆیان بۆ ترومبێلە جام تاریکەکان لادەن، ئەگەرنا ملیان لێ دەنرێت.


ئەستێرە هەشتپالووەکانی بەعس لە ئالای کوردایەتیدا لە ڕێی نێوان کەرکووك و هەولێر

نووسەری ئەم دێرانە لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووك و لەوێوە بۆ هەولێر، تاقە ڕێنوێنی و نیشانەیەکی هاتووچۆم بەرچاو نەکەوت، بەلاَم ئەستێرە هەشتپاڵووەکانی بەعس، ئالاکەی بەعس، بازگە هاوترازەکانی بەعس، مۆڵگە سەربازییە کۆنەکانی بەعس و .... تد هەموو بستێك و هەموو ساتێك دەچەقنە چاوی گەشتیاران، هەموو شتێکی ناپێویست لەسەر ڕێگەوبانەکان هەیە، تەنیا و تەنیا نیشانە و ڕێنوێنی هاتووچۆ نەبێت. سەراپای گەشتەکەم زۆر بیرم لەمە کردەوە، ئاخۆ گرنگی نەدان بە ڕێنوێنی و نیشانەکانی هاتووچۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؛ بۆ دواکەوتوویی چەتەکانی دەسەلات، بۆ ڕامالینیان بە بیلدۆزەری بازارئازاد یا بۆ لابردنیان وەك سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ڕژێمی بەعس؟

## نەبوونی خزمەتگوزاری شارەوانی

پیسوپۆخڵی، یەکێکی ترە لە دیاردە بەرچاوەکانی کوردستان و دەوێرم بڵێم خزمەتگوزاری دەسەلات لە هەرێمدا "سەرقۆزی بن ئاڵۆز"ە. بێجگە لە نێوەندە دیارەکانی دەسەلات و چواردەوری بالاخانەکانیان و ئەو شوێنانەی کە میوانە بیانییەکانیان بۆ دەبەن، جێگەی بایەخ پێدانن لایان، شوێنەکانی تری وەك شەقامە گشتییەکانی و گەڕەکە هەژارنشینەکان و شارۆچکەکان و گوندەکان، بە شایستەی پاکوخاوێنی و گرنگی پێدان نازانن.

له كوردستان لەلایەك گوندی ئاڵمانی و ...تد –بەدیدی ئەشكەوتنشینان- لەنێو شارەكاندا دروست دەكرێن و لەلایەكی ترەوە نەخۆشییە بە سەرچووەكانی سەدەی نۆزدە و بیست سەرهەڵدەدەنەوە. لەلایەك ئۆروپاسیتییەكان بە ئاسماندا دەچن و لە لایەكی ترەوە كەلەپوور و خانوو و تەلارە كۆنەكان هەراج دەكرێن و دەروخێنرێن یا دەبنە زبڵگەی كۆڵان و شەقامەكان.

ئەگەر وەها كارگەلێك لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا ڕوویان بدایە، زۆرینەی دانیشتوانیش ئامادەیی هۆشییان بۆ دژوەستانەوە و بە رامیاری قەڵاچۆو و تێكدانی كۆمەڵگەی كوردستان چواندنیان هەبوو، كەچی ئەوڕۆكە نەك كاردانەوەی ژینگەپارێزانە و پاراستنی كەلەپوور نابێتە پرسی پەیگیرانەی كەس، بەڵكو بە ئاوەدانكردنەوە و ئۆروپاكردنی كوردستان دەناسرێت. ئەمەش بۆ بە پارتیكردنی كۆمەڵگە و پاشكۆیەتی تاك بۆ پارت و زاڵكردنەوەی پەیوەندییە خێڵەكییەكان لە بەرگی پارتی رامیاردا دەگەڕێتەوە. ئەمە سەرەتای نامۆبوونی تاكە بە خۆی و ڕۆبۆتبوونی لە تێكدان و وێرانكردنی ژینگەی خۆی لەبەرژەوەندی مشتێك مشەخۆری پارتی (حزبی)، كە ڕۆژ بەڕۆژ كۆشك و كۆمپانی و ڕابواردنگەكانیان بە ئاسماندا دەچن و ماڵ و كۆڵان و گەڕەك و شەمامەكانی مەش دەبنە كێڵگە و تاقیگەیەكی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشییە جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان.

## نەبوونی نەخشەیەكی گونجاو بۆ ساختمانسازی و تێكدانی ژینگە

ئەگەر لەبری ئەو فیشەكانەی كە لە شەڕە میلیشیاییەكانی 1991- 2007دا بە سنگی لاوانی ناهوشیار و شوێنكەوتووی پارتە رامیارییەكانەوە نران، لە كێو و دۆڵ و بانەكانی كوردستاندا بەڕوو بروێندرایە، ئێستا كوردستان وڵاتێكی سەرسەوز و ژینگەیەكی خاوێن دەبوو، ئێستا لە كوردستان گرفتی كەمبارانی و پەیدابوونی خۆڵەباران و كەمئاوی و هەوای پیس لە ئارادا نەدەبوو یا لە ئاستی لانیكەمیدا دەبوو.

ئەگەر لە كوردستان گرنگی بە كشتكاری (كشتوكار) بدرایە، هەنووكە كوردستان نەدەبووە بازاری ساخكردنەوەی تەرەكاڵی نائۆرگانیك و گەنیوی توركیە و سوریە و ئێران، هاوكاتیش دەیان كارگە و كارخانەیش بۆ هەڵگرتن و هەمباركردنی بەروبوومەكان هاتبوونە ئارا. بەڵام هەروا كە كوردستان لەلایەن داگیركەرانەوە كرایە تاقیگەی چەكە وێرانكەر و كۆكوژەكان، لەلایەن دەسەلاتدارانی خۆییەوە كرا بە بازاری ساخكردنەوەی كالای بەسەرچوو (ئێكسپایەر)ی ولاتانی دراوسێ و دوور.

كوردستان كە لە ڕووی هەڵكەوتەیی جوگرافیی و ئاوهەوای سازگارییەوە، شوێنێكە بۆ هاوینەهەواریی و بۆ گەشتوگوزار دەستدەدات و جاران وا چاوی لێدەكرا، بەڵام ئێستاكە هاوینەهەوارەكانی لەلایەن بنەماڵە دەسەڵاتدارەكانی پارت(حزب)ەوە داگیركراون و لە موڵكی گشتییەوە كراون بە موڵكی تایبەتی پارت و لەلایەن سەرانی پارتەكانەوە قۆرخ

کراون. زەویوزارە بەراو و بەرچاوەکان کراونەتە کۆشك بۆ دەسەلاتداران و کشتوکار بەتەواوی پشتگوێ خراوە.

لە کوردستان دەسەلاتداران نەك نەخشە و پلانی دروست و زانستی بۆ سازکردنی هاوینەهەوار و گەشەدان بە گەشتوگوزار و راکیشانی گەشتیاران بۆ کوردستان نییە، بەڵکو ئەو هاوینەهەوارییە سەرەتاییەی کە لە باوباپیانەوە بۆمان ماوەتەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشەی تێکدان و ژینگەپارێزی کە ڕێسایەك بوو لە ژیار و باخداری دانیشوانەکەیدا ڕەنگی دابووەوە، ئەوڕۆکە کەوتووەتە بەر نەخشەی تێکدەرانەی لێپرسراوانی کەمئاوەز. لێرەدا نموونەیەك دەخەمە بەرچاوی خوێنەران:

هۆرامان، یەکێکە لە ناوچە هەوا سازگار و سەوزەلانییەکانی کوردستان. هەرچەندە ئەم ناوچە بەشێکی لە دەمی راگواستنی گوندەکان بوو بە ناوچەی قەدەخەکراو و بەشەکەی تریشی لە شەڕی (عیراق- ئێران)دا بوو بەرەی شەڕ، بەڵام باخەوانەکانی هێندە لە پاراستنی سروشتدا پابەندی بەڵێنەکانیان بوون، کە شەوانە بە دزی سوپای داگیرکەر و لەژێر تۆپبارانەکانی ئێراندا کۆڵیان لە ئاودێری و سەوزراگرتنی ناوچەکەیان نەدا. کەچی لە سایەی دەسەلاتی پارتە دەسەلاتدارەکان و میلیشیا ئیسلامییەکاندا ئەم ناوچەیە وەها دواخرا، کە لە هاوینەهەوارێکی سروشتییەوە بوو بە بەرەی جەنگی میلیشیاکان.

«ئاوێسەر»ی تەڤێڵە یەکێکە لە سەیرانگە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە، سروشتی هەڵکەوتنی



باخ و تەلانکراوی باخەکان، نیشانەیەك لە هوشیاری دێرین و سروشپەرستی ناوچەکە بوو. لە ولاتانی ئۆروپایی ئەو شوێنانە وەك مۆزەخانەیەکی گەورە چاویان لێدەکرێ و بە هەموو شێوەیەك دەپارێزرێن و رێگەوبانە بەردرێژەکانیان، کەڵەك و باروم و پەرژینە سروشتییەکانیان، پیرەدار و کانیاوە سەنگچنراوەکانیان، خواردن و کەلەپووریان دەپارێزرێن و هاوکاتیش دەبنە سەرچاوەیەکی دەرامەت بۆ خەڵکەکەی. بەڵام بەداخەوە لە هۆرامانداا نەك ئەمە نەکراوە، بەڵکو هۆرامان بە پلان و نەخشەی تێکدەرانە - بەڕواڵەت

خزمەتگوزاریانەی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، ئەوەشی کە هەیبوو و بە گیانبەخشینی باخەوانەکانی بە درێژایی شەڕە دەوڵەتی و میلیشیاییەکان پاراستوویانە، بە شۆڤڵ و بیلدۆزەری لێپرسراوە هەمیشە بەنگ و سەرخۆشەکان تێکدەدرێت.

لە هاوینەهەواری ئاوێسەر، دەسەڵات لەسەر زەوربییەکانی بەردەلانی، نەگونجاو بۆ یاریگە خلیسکانێیەك بۆ منالانی تەڤێلە کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا بە مۆسکۆی گچکە و لە بزاڤی چەکداری ئەیلوولدا بە پشتوپەنا و لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بە شارۆچکەی خاڵی لە خۆفرۆش ناسرابوو، دانراوە، کە دەکرێت نێوی بنێین یارییەك بۆ پەلوپۆ شکاندنی منالان و شینومۆرکردنی ماسولکەکانیان! بە بڕوای من بەردەلانی شوێنی ئەم یارییە، نەك تەنیا دواکەوتووی هۆشیی دەسەلاتداران دەردەخات، کەمبایەخی و پشتگوێخستنی ئەم ناوچەیەش دەخاتە ڕوو.

لە شەڕی (عیراق- ئێران)دا، ڕژێمی بەعس چەند ڕێگەیەکی بۆ زرێپۆش و ئامێرەکانی تری جەنگ، بەناو باخەکانی هۆراماندا کردەوە، کە بوونە هۆی وێرانی سەدان باخ و ڕەزەدێم و لاس و هەوارگەی کۆن. بەڵام کاتێك کە ڕژێم لە ڕاپەڕینی ئازاری 1991دا لە کوردستان وەدەرنرا، باخەوانەکانی هۆرامان یەکەم کار کە دەستیان بۆ برد، هەڵچنینیەوە و باروم و پەرژینی باخەکانیان و چاندنەوەی نەمای تازە و کوێرکردنەوەی ئەو ڕێگەوبانە سەربازییانە بوو، کە ڕژێمی بەعس هۆرامانی پێ وێران کردبوو. کەچی پارتە دەسەلاتدارەکان (میری هەرێم) یەکەم هەنگاوی پاش وەدەرنانی میلیشیا ئیسلامییەکان لەم ناوچەدا، دووبارە بە ئاوەز و هۆشی لێپرسراوە بەنگکێشەکانییەوە، جارێکی دی ئەو ڕێگەوبانانەی کە بەعس نەخشەکەی داڕێژابوون، دەکەنەوە و باخێکی زۆر وێران دەکەن. شایانی وتنە میری هەرێم و پارتە دەسەلاتدارەکانی لە بەرامبەر ئەو وێرانکارییەی کە لە شەڕە یەك لە دوای یەکەکانیاندا کە بەسەر ئەم ناوچەیاندا هێنان، ئەمە تەنیا شتێکە، کە بۆ ئەم ناوچەیەیان کردبێت، کە ئەویش وێرانکردنی ژینگە و تێکدانی سروشتی ناوچەکەیە، کە ئەگەر بە ڕاگوزەر تیمێکی ژینگەپارێزی ئۆروپی ڕێی بکەوێتە ئەم ناوچەوە، ئەوا ئەم دەستڕەنگینییەی میری هەرێمی کوردستان دەخانە خانەی ژینگە تێکدان و وێرانکارییەوە.

## بنکۆڵکردنی ئابوری کوردستان لەلایەن پارتەوە

بنکۆڵکردنی ئابوری لە لایەن دەسەلات و سەرمایەدارانەوە، دیاردەیەکی تازە نییە و زۆرجار چینە سەرمایەدارەکان بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگە پەنایان بۆ بردووە. نموونەی بەرچاو لە سەدەی رابوردوودا دۆراندنی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی 1973ی چیلی بوو، کە تێیدا چەپەکان زۆرینەی دەنگیان بەدەستهێنا و نوێنەرانی بلۆکی خۆراوا، شکستیان هێنا. لەبەرامبەر دەنگی زۆرینەی خەڵك کە بەپێی یاساکانی پارلەمان و دیموکراسی نوێنەرایەتی دەنگی خۆیان بە چەپەکان دا، سەرمایەداران سەرمایەکانی خۆیان لە وڵات بردە دەرەوە و

بنەمای ئابوری ولاتیان تەپاند و پشێوی ئابوری و شلۆقی رامیارییان خولْقاند و دواجار ئاوگوستۆ پینۆسێت (Augusto Pinochet)ی دیکتاتۆر و ڕەشەکوژگەری هێنایەوە سەر تەختی دەسەلات.




لە کوردستانی ئەوڕۆکەشدا بە تایبەت لە سالْی 2003ەوە دەسەلاتداران کەوتوونەتە بنکۆلْکردنی ئابوری ولات و تایبەتیکردنی کەرتە میرییەکان و کڕینەوەیان لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە، کە دیسانەوە دەچنەوە گیرفانی پارت و دەسەلاتداران. لە نموونەی بنکۆلْی ئابوری جۆری کوردستاندا فرۆشەر دەسەلاتە و کڕیاریش هەر دەسەلاْتە. لە وردبوونەوەی یەکەمدا ئەمە لە مەتەلْ دەچێت، بەتایبەت بۆ کەسانیك کە لە کوردستاندا نەژین. وەك هەمووان دەزانن لە کوردستاندا مولْکی گشتی لەژێر کۆنترۆلْی دەسەلاتدایە و دەسەلاتیش تا ئەوڕۆکە بەسەر میرایەتی دوو پارتدا دابەش بووە و پارت کۆنترۆلْی سامان و داهاتی کۆمەلْگە دەکات و هیچ چاودێرییەك بەسەر دابەشکردن و خەرجکردنی داهاتدا نییە و هیچ کەسیش تا ئەوڕۆکە ئەو مافەی نییە.

لە کوردستان دوو دەسەلات و دوو میرایەتی هەن، هەرچەندە زۆر پارتی رامیاری هەن، بەلام دووانیان دەسەلاتدارن و ئەوانیتر بە شێوەیەك پاشکۆیەتی ئەم دووانە دەکەن، تەنانەت لەو کاتەشدا کە وەك ئۆپۆزسیۆن دەردەکەون. لە سالْی 2003ەوە ڕەوتی تایبەتیکردن و زالْبوونی بازارئازاد لە کوردستاندا هێندە تاوی سەندووە، کە لە خودی ولْاتانی دایکدا – مەبەست لە خودی ولْاتانی سەرهەلْدانی ئەم بزاڤە- نەیتوانیوە ئەو شەقاوانە بەبێ ڕێگری بهاوێت. ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە؛ تایبەتی کردنی کەرتە میرییەکان وەك مەرجی یەکەمی پیشڕەوانی بازار ئازاد و بنکۆلْکردنی ئابوری ولات وەك مسۆگەری مانەوەی دەسەلْات لە دەستی دوو زلپارتدا. ئەم دوو ڕەوتە وەك تەواوکەری یەك، کەوتوونەتە خزمەت یەکدی و دەستیان ناوەتە بینەقاقای هەر دژە هەولێك لە داهاتوودا.

وەك وتم  پارت دەسەلاتدارە و هەموو داهاتی کۆمەڵگەی لەژێر دستدایە و زۆرینەی داهاتەکان بۆ ئامانجەکانی خۆی دەخاتەگەر. پارت کارگە و کارخانە و زەوی و گرد و دار و




نەدار لە مەزادخانەی تایبەتکردندا هەراج دەکا و هەر خۆشی بەنێوی کۆمپانای تایبەتی وەك نۆکان و قەیوان و ....تد بە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە لە خۆی دەکرێتەوە و  تایبەتی دەکا. بەمجۆرە لەلایەك ئامانجەکانی پیشڕەوانی بازاری ئازاد لە کوردستاندا دەستەبەر دەکەن و لەلایەکی ترەوە ئەوە دابین دەکەن، کە ئەگەر لە داهاتوودا لە گاڵتەجارییەکی پارلەمانیدا*** زۆرینە دەنگیان بە پارتێکی تردا، ئەوا ئەمان بەم بنکۆڵکردنەوەی بنەمای ئابوری کوردستان دەسەڵاتەکەی تووشی قەیران بکەن و بە ڕوخان و پاشەکشە ناچاری بکەن. ئەمە تەنیا بۆ ڕێگری لە چەپە دەسەڵاتخوازەکان نییە، بەڵکو بۆ بەرگرتنە بە ئەگەری دەسەلاتگرتنی هەر هێزێکی ئیسلامیش کە باوەڕی بە کۆنترۆڵی بازار هەبێت.

ئەمە ئاشکراترین دزییە، کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ نوێنەرانی بازارئازاد و نەزمی نوێ (نیئۆلیبرالیزم) لە کوردستاندا لە خەڵکی دەکەن و پارتە دەسەلاتدارەکان کۆمەڵگە هەراج دەکەن و لەولاشەوە بەخۆیان بە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە کۆمپانی جۆراوجۆر قوت دەکەنەوە و دەبنە کڕیاری بێ کێبڕکێکەری هەراجخانەکەی دەسەلات و نموونەی بەرچاویش کۆمپانیاکانی «نۆکان» و« قەیوان»ن. وەك دەزانین داهاتی کوردستان لە ئەمڕۆدا بێجگە لە داهاتی گومرگی سەر سنوورەکان و فرۆشتنی نەوتی خاو، بەشی سەرەکی 17%ی بەشەکەی هەرێمە کە لە میری ناوەندیدا بەدەست دەهێنێت. ئەم 17%یەش، بە ئاشکرا و بێپەردە بەسەر دوو پارتی یا بنەماڵەدا دابەشێنراوە و ڕێژەی هەرە زۆری ئەم بەشانەش لەلایەن پارتە دەسەلاتدارەکانەوە چەپاوڵ دەکرێت و تەنانەت خۆشیان ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن و بەجۆرێك ملیان بە بوونی گەندەڵی کارگێڕی داوە. لەولاشەوە پارتەکان بۆ بنکۆڵکردنی ئابوری کۆمەڵگە وەك مسۆگەرکەری مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا و وەك مەرجی بازارئازاد و بانك و ناوەندە نێونەتەوەییەکانی سەرمایەداری جیهانی، کەوتوونەتە تایبەتیکردنی کەرتە میرییەکان و بۆ ئەمەش هەراجێکی ژێرەکییان بەرێخستووە و بە هەمان داهاتی چەپاوڵکراوی لە 17%ی کوردستان، کۆمپانیاکانی پارت، کەوتوونەتە کڕینەوەی کەرتە میرییەکان. ئەم

داهێنان و تازەگەرییە لە چەپاوڵ و دزی و ڕاووڕوتی ڕاستەوخۆ و بێپەردەدا، دیاری و دەستکەوتی نیئۆلیبرالیزم و بازارئازادەکەیەتی لە کوردستان، کە میری بۆرژوازی کورد داهێنانی تێدا کردووە.

## پاسای پۆلیسی ڕێگەوبان

ڕۆژێك لە ئوردووگەی «ڕاپەڕین»ەوە بەرەو ناوشار گەڕاینەوە. لە بنکەی پۆلیسی هاتووچۆی ڕاپەڕین - سلیمانی، شۆفێری پاسەکە ڕایگرت، چاومان بە کۆمەڵێك پۆلیسی ڕێگەوبانمان کەوت، کە ترۆمبێلێکیان ڕاگرتبوو. شۆفێرەکە کەسێکی تری لەگەڵدا بوو، کە هەوڵی ئارامکردنەوەی بارەکەی دەدا. شۆفێرەکە دەیوت "ئێستا دەمەوێت بزانم بۆ ڕاتان گرتووم، چیتان دەوێت، ئەمە کەڵەگاییە"، لەم قسانەدا بوو، بە جارێك چەند پۆلیسێکی ڕێگاوبان پەلاماری شۆفێرەکەیان دا و هامڕای شۆفێرەکەش هەر لە هەوڵی ناوبژیدا بوو. بە کورتی کابرای شۆفێر کە هیچ دەستی نەدەوەشاند، لەلایەن زیاتر لە حەوت پۆلیسی ڕێگەوبانەوە درایە بەر بۆکس و شەق تێهەڵدان و بەرەو بنکەکەیان ڕاکێشیان کرد.

لەو کاتەدا یەکێك لە نەفەرەکانی نێو پاسەکە، وتی "دەستتان خۆش بێت، بیکوتن، سەگبابی وا...". هاوەڵەکەم، بەم قسەیە زۆر دڵگران بوو و بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە ڕووی لە کابرا کرد و لێی پرسی "کاکی برا، دەکرێت، ئێمەش بزانین بۆ دەستییان خۆش بێت، بۆ جەنابتان بە ئازاری خەڵکی و سوکایەتی کەسانی تر، دڵخۆش دەبیت؟". کابرا وتی "دەزانم کە تاوانبارە، دیارە، کاری نایاسایی کردووە!". کەسێکی تر هەڵیدایێ و وتی " بۆ لەوە نایاسایی تر هەیە، کە پۆلیسی ڕێگەوبان بە شەق و بۆکس بەربنە هاووڵاتیان، کاکی بەڕێز؟". کەسێکی تر (ژنێك) لەولاوە بە تووڕەیەوە، وتی "چواری وەك جەنابتان دەستخۆشییان لێدەکەن، بۆیە بوونەتە کەلەگا بەسەر خەڵکەکەوە". هاوەڵەکەی من لەوە دەچوو بە هیچ کەفوکوڵی دڵی دانەمرکێتەوە، درێژەی دایێ "لەوە دەچێت، جەنابتان، کاتی بەعسیش هەر خەریکی دەستخۆشی لێکردن بووبی، بۆیە، ئێستاس لەو ڕەفتارانە چێژ وەردەگریت". کەسێکی تر لە پێشەوە، وتی " تۆ جارانیش هەر پیاوی ڕژێم بووی، بە سەرو گوێلاکتا دیارە". شۆفێری پاسەکەش، کە تا ئەوکات هەر گوێگر بوو، وتی " قوڕ بەسەر ئەو شۆفێەری کە نەفەری وەك تۆی پێ بێت و تووشی گرفتێکی وا بێت، وەی بە باری (حاڵی)".... .

بەرادەیەك دیمەنی تێهەڵدانی ئەو شۆفێرە کارایی لەسەر نەفەرەکانی نێو پاسەکە دانابوو، کە لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرایە سەر کابرای دەستخۆشیکەر، کاردانەوەی نەفەرەکان هێندە تووڕەیی پێوە دیاربوو، کە کابرا نەیدەزانی چی بکات و وەخت بوو لە پەنجەرەی پاسەکەوە بچێتە دەرەوە و لەگەڵ گەیشتنمان بە یەکەم وێستگە، کابرا بەپەلە دابەزی. کاردانەوەی نەفەرەکان، تەنیا کاردانەوە بەرامبەر پەلاماردانی شۆفێرێك لەلایەن حەوت پۆلیسی ڕێگەوبانەوە نەبوو، بەڵکو تەقینەوەی ڕك و بێزاری کەڵەکەبووی ڕۆژانەی خەڵکی بوو بەرامبەر سەرکوتگەرییەکانی پۆلیس و ئاساییشەکانی دەسەلات.

## [پسولە و گەواهی لە فریاگوزاریدا]

دوانیوەڕۆیەکی سەرەتای مانگی پێنج، چووم بۆ ماڵی هاوەڵێکم لە ڕاپەڕین، لەتاو گەرما، خۆم خزاندە گەرماوەکەیان، تا کەمێك خۆم فێنك بکەمەوە. هەڵبەتە لەبیرمان نەچێت، ئەوان بە تەنکەر ئاویان دەکری، تەنکەرێکیان بە یازدە هەزار دینار دەکری. لەپڕ لە دەرگەکەیان دراو، هێندە گوێم لێ بوو، کە هاوەڵەکەم وتی "من دەبێ بڕۆم، ئێستا دێمەوە". زۆری پێ نەچوو، گەڕایەوە و بە تووڕەیی و نیگەرانییەوە خۆی کردەوە بە ماڵدا. لێم پرسی، ها چی بوو؟ وتی " کچی ئەو ماڵە دراوسێیەمان مار پێوەی دابوو و گەیاندمە بنکەی تەندروستی لای خۆمان. بەلام ئەوە بنکەی تەندروستی نییە، نە وەکو مرۆڤ ڕەفتا دەکەن، نە ژیانی مرۆڤێك لایان نرخی هەیە". وتم چی بوو، چارەسەریان کرد؟ لەوەڵامدا وتی "ئەوە کەی چارەسەرە، کابرای نیوە دکتۆر، دەیوت تا بەڵگەی پۆلیسی راپەڕینم بۆ نەهێنن و تا پسولە نەبرن، ناتوانم هیچی بۆ بکەم، منیش پێم وت، کاکە، کچەکە بووراوەتەوە و مار پێوەی داوە، فەرموو سەیری بکە و خۆت ڕاپۆت بنووسە، کچە خەریکە دەمرێت، تۆ مێشێك میوانت نییە، پێم نالێیت، تۆ لێرە پۆلیسی یا فریاگوزار؟ هەرچۆن بوو بە پارانە و گریان و قوربان و سەدەقەی دایکی کچە و بڕینی پسولە، ئینجا دەرزییەکی ئازاری لێدا".
وتم ئەی ئێستا چی بەسەر هات، جۆری برینەکەی چۆن بوو، باری تەندروستی چۆنە؟ بەنیگەرانییەوە وتی "کچە ئاگای لە خۆی نییە و ڕەنگی هەڵبزرکاوە و برینەکەی تەنیا شین هەڵگەرانی ماسوولکەی باڵییەتی، خۆزگە یەکسەر بۆ فریاگوزاریم ببردایە". منیش بەپێی هەندێك شارەزاییم، وتم با بەپەلە بیگەیێنینە فریاگوزاری، تا نەیکوشتووە، دەرزی ئازار هیچ ڕۆڵی نییە و گەر مار یا شتێکی گازەندەی تر بێت، ئەوا ژارەکە بڵاو دەبێتەوە. بە پەلە بە ئۆتومبێلی هاوەلەکەم، کچەکەمان گەیاندە فرایاگوزاری، لە ڕێگە بە هۆڕێن و ئاگادارکردنەوە، شۆفێری ئۆتومبێلەکانی تر، ڕێگەیان بۆ خاڵی دەکردین، بەلام ترومبێڵە جام تاریکەکان نەبێت، کە سەرەڕای داگیرکردنی دوو سایت، تووڕەش دەبوون.

هەرچۆن بوو، کچەمان بە بوراوەیی گەیاندە فریاگوزاری و بردمانە ژوورەوە، لەنێو ڕاڕەوی فریاگوزاریدا دەرزیت هەڵدایە، نەدەکەوتە خوارەوە، پڕ بوو لە نەخۆشی جۆراوجۆر. لەوێش بەبێ پسولە، چارەسەر نەبوو. نۆرەیەکی زۆر گیرابوو و پسولە بڕەکەش، لەسەرخۆ لەگەڵ هاوکارەکەی تەنیشتیدا دەمەتەقێیان دەکرد. هاوکارەکەی کۆمەڵێك ناوکەگوڵەبەڕۆژەی لەبەردەمدا بوو، پسولەبڕیش تۆپەڵێك بنێشت، لەبەر بنێشت جاوینەکەی، کەم کەس لە پرسیارەکانی تێدەگەیشت. هەرچۆن بوو، نۆرەم هات و پسولەبڕ، وتی با کەسێکی خۆی بێت، باوکی کچەم بانگ کرد و پسولەمان بڕی، چاوەڕێی دکتۆر بووین، کاکی پۆلیس –کە دیار بوو، هێندە گوێڕایەڵی یاسا بیروکراتییەکانی سەرووی خۆی بوو، ئومێدەی ئەوەی لێ بەدی نەدەکرا، کە ئازار و مردنی نەخۆشەکان کارایی لەسەر دابنێت. بە دەنگێکی بالادەستییەوە پرسی " هیچ (تأيد)ێکی بنکەی پۆلیسی لای خۆتانت هێناوە". منیش وتم برا، بنکەی چی و بەڵگەی چی، کچە وەختە بمرێت، کەی کاتی ئەوەمان هەبوو، بچین بۆ بنکەی پۆلیس. کاکی

برا، تۆ چارەسەری بکەن، نامەی پۆلیستان بۆ دێنین. خۆشتان دەتوانن سەیری برینەکەی بکەن و بزانن کە چییەتی. ئیتر نازانم پۆلیسی بۆ چییە؟ ئەوەش باوك ودایکی. بەلام ئەمە بێسوود بوو، باوکی کچە کەوتە تەلەفۆن بۆ بنکەی پۆلیس و بۆ ناسیاوانی، تا بە خێرایی بەڵگەیەکی لە پۆلیسەوە بۆ بێنن.

پاش ماوەیەکی زۆر، پزیشکی فریاگوزاری کە پزیشکێکی عەرەبزمان بوو، هات و پێم وت، بەڕێز ئەو کچە بوراوەتەوە و فریای کەوە، لەوە ناچێت مار پێوەی دابێت، بۆی هەیە شتێکی کوشندەتر بێت. کاکی دکتۆریش دەرزییەکی نووسی و وتی بڕۆن لە دەرمانگە وەریگرن و بیهێننەوە. هەرچۆن بوو، ئەوەشمان پەیدا کرد و دووبارە چاوەڕێی پزیشك و بەردەستەکانی ماینەوە، تا دەرکەونەوە. هەرچۆن بوو، پاش زیاتر لە سی خولەك، دەرزییەیان لە کچە دا و بوتڵێك ئاوییان بۆ هەلخست.

ئەمە دلۆپێك لە دەریای بڕیار و پەیڕەوەکانی بەعسە، کە لە کوردستانی دیموکراتیی نیئۆلیبرالیزم و سەروەری (ینک و پدک)دا کۆنترۆڵی ژیان و گوزەرانی خەڵك دەکەن. جاران کە هێزی بەرهەلستکاری چەکدار هەبوو، رژێمی بەعس ئەم یاسایەی بۆ دۆزینەوە و دووراگرتنی نەیاران و دانیشتوانی ناوچە ئازادەکان بەکار دەبرد و بەمجۆرە پێشمەرگەی بریندار و هەلاتوانی سەربازی و جوتیارانی ناوچە ئازادەکان، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هۆی برینداربوون و شوێنی ڕوودانی و کەسێتی خۆیان بخەنەڕوو، لە چارەسەر بێبەش دەبوون، بوونی ئەو ڕێگری و بڕیارانەش هەر بۆ ئەم مەبەستە دارێژرابوون. ئەگینا لە تەواوی دونیادا فریاگوزاری پێش هەموو کارێکی ڕۆتینی تر دەکەوێت و مەرج زیندوومانەوەی نەخۆش یا برینداردکەیە و ئەمە پەیامی نەخۆشخانە و پزیشك و زانستەکەیەتی، نەك بڕینی پسوولە و پشتیوانینامەی پۆلیس و ڕەفتاری بەعس ئاسا... .

با وای دابنێین، کە ئامانجی میری دیموکراتی کوردستان لەمە، بەرگرتن بێت بە تاوان، بەڵام پێش هەموو شت چارەسەری بریندار یا قوربانی مەرجی بەرگرتنە لە تاوان نەك دۆزینەوەی تاوانبار. ئەگەر کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە چەقۆیەکی لێدرابێت، ئایا دەبێت بەبێ چارەسەر و دەرمان و فریاگوزاری بمێنێتەوە، تاوەکو چەقۆ وەشێن دەستنیشان دەکرێت و دەدۆزرێتەوە، کە هەندێك برین و گەستەیی لە کاتێکی زۆر کورتدا دەبنە هۆی کوشتنی قوربانییەکە! ئایا لە وەها بارێکدا بنێشتی دەمی پسوولەبڕ و گوڵەبەڕۆژەی بەردەمی هاوکارەکەی و پرسیار و داواکارییەکانی پۆلیسەکە و هێنانی دەرزی و دەرمانی پێویست لە درمانخانە و لە دوورەوە، کاتکوژ نابن و نابنە هۆکارێك بۆ گیانلەدەستدانی هەزاران نەخۆش و بریندار و مارانگەستە لە سالێکدا لە کوردستان؟

[ئاسایش و سەرخۆشەکەی فریاگوزاری و پاراستنی یاسا]

لە کاتێکدا کە چاوەڕێی پزیشکمان دەکرد، بێت و دەرزییەکە لە کچەکە مارانگەستەکە بدات، لەناو ڕاڕەوەکە بوو بە هەڵا و بگرە و بەردە. سێ چەکدار، کابرایەکیان بە قۆنداخە تفەنگ کردە ڕاڕەوەکەوە و ئەویش هاواری دەچووە ئاسمان "باوکەڕۆ کوشتمیان، خەڵکینە فریام کەون، بەخوا هیچ خەتام نییە، بەس پێم بڵێن بۆ منتان گرتووە، بۆ منتان هێناوەتە ئێرە، ئای باوکەڕۆ، خوا فریام کەوە، خۆ بەزەیی نەماوە، کەس بەدەنگمەوە نایێت، خوا هاوار ..." چەکدارەکان یەکێکیان بە قونی چەکەکەی سەروگوێلاکی داگرتبووەوە و دووانەکەی تریش خەریك بوون، لە پشتەوەڕا دەستیان کەلەبچە دەکرد. هەر لەگەڵ کەلەبچەکردنی و زاڵبوون بەسەریدا، بە هەر سێکیانەوە کەوتنە گیانی و دەمیان گرتبوو و تێیان هەڵدەدا. ئاپورەی نەخۆش و هامراکانیان واقیان وڕمابوو و کەس نەیدەوێرا فزەی لێوە بێت. پزیشك و بەردەستەکانیش نقەیان لە خۆیان بڕیبوو. ئەوەی کە لەو کاتەدا دەمانتوانی لێی تێ بگەین، ئەوە بوو، کە کابرا بە قسەکانیدا دیاربوو، سەرخۆش بوو، نەدەستی دەوەشاند و نە بەرامبەر کەس قسەی هەڵەی دەکرد، هەرچۆن بوو، کابرا دەمی خۆی لە دەستیان ئازاد کردوو و وتی "خەڵکینە بۆ خاتری خوا، ئەمانە بەتەمان بمکوژن، ئێوە نازانن چییان لێکردووم، خوا تۆ شتێکم بۆ بکە، خۆ بەزەیی نەماوە.. هۆ خوااااااه"، ئیتر کابرا خۆی پێ نەگیرا و دەستی کرد بە گریان و هاواری دەچووە ئاسمان، نزا و پارانەوەی بەردی دەکرد بە ئاو. دیمەنی وام تەنیا لە فیلمی نازییەکان و سەردەمی بەعسدا دیتبوو.

دواجار تێنەگەیشتین بۆ کابرایان هێنابوو بۆ فریاگوزاری، نە نەخۆش بوو و نەبریندار، نە لەمەترسیدا بوو و نە پزیسکیش هیچی بۆ کرد. لەوە دەچوو، کەسێك دەنگی لێدابێت و لەو کاتەدا بە سەرخۆشی لە ماڵەوە دەریان کێشابێت یا لە یەکێك لە یانەکاندا لەبەردەم پیاوانی دەسەڵاتدا هەڵنەستابێتەوە و پاسەوانەکانیان هێنابێتیان تەنیا بۆ ئەوەی کە خەڵکی پێ چاوترسێن بکەن، چونکە چەکدارە پۆشاك پەلاوییەکان، لە پۆلیس و ئاسایيسی ئاسایی نەدەچوون، فرەتر لە پاسەوانی تایبەتی دەچوون.

لەو کاتەدا من، تەنیا بیرم لەو منداڵ و مێردمناڵانە دەکردەوە، کە هەریەکە بە دەردێکەوە، هێنرابوونە ئەوێندەرێ و لەبەرچاویان یاسای بەعسییەکان نمایش دەکرایەوە. ئەوڕۆ کە ئەم ڕستانە دەنووسمەوە، هەست بە ئازادبوونێکی ویژدانی دەکەم، بەراسی ساڵێك و سێ مانگە بەردەوام ئەم دیمەنانە دێنەوە بەرچاوم و پرسیارە بێ وەلامەکانم لەو دەستبەسەرە دەمتلێننەوە. خۆزگە ئەو سەرخۆشە یا بینەرانی ئەو ڕووداوە، ئەم ڕستانەیان دەخوێندنەوە و بەخۆسیان بەشەکانی تری ڕووداوەکەیان دەخستە سەر. بەرادەیەك ئەم ڕوداوە ئازاری داین (من و هاوەڵەکەم) و کاریی لەسەر دانایین، کچە مارانگەستەکەمان لەبیر چوو و چوینە دەرەوە تابزانین، ئەو کابرایە بۆ کوێ دەبەن. لە دەرەوە بە شەق و قۆنداخە تفەنگ خستییانە ناو ترومبێلە جام تاریکەکەیانەوە و بردیان... . بردیان و کەسمان نەمانزانی، کێ بوو، چی بوو، لەسەر چی گیرابوو، بۆ هێنابوویان بۆ فریاگوزاری و بۆ دەمیان دەگرت و نەیاندەهێشت قسەبکات و بۆ کوێیان برد و چی بەسەر هات؟ ... .

لەو ساتەدا هێبندە خۆم بێدەسەلات و کۆیلە دەهاتە بەرچاو، نەفرەتم لە خۆم و لە هەموو شتێك دەکرد، نەفرەتم لە رابووردووی خۆم دەکرد، کە ڕۆژانێك لاوێتی خۆم کردە بەردەباز بۆ هاتنە سەرتەختی دیکتاتۆرە خۆیییەکان، ئەوانەی دەزگەکانی بەعسیان وەك خۆیان هێشتەوە و ئەوەی ئەوان بۆیان نەکرابوو، ئەمان بەزیادیشەوە ئەنجامیان دان. ڕووم، لە هاوەڵەکەم کرد و بەڵێنم دایێ، کە ڕۆژێك، هاوارەکانی ئەو کابرا سەرخۆشە بگەیێمنە لای خوا، خوایەك کە ئەوڕۆ کۆیلەیە و ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت تەخت و تاراجی هەموو دیکتاتۆرەکان بە زبڵدانی مێژوو بسپێرێت.

مۆبایل و حەزی لاوەکانی باخی گشتی

بەداخەوە لە کوردستان هەموو دەستکەوت و بەرهەمە نوێکان، لەسەر پێشینە و پێگەیشتنی مێژوویی کۆمەڵگە، تاکەکان پێی نەگەیشتوون، بۆیە تاکی کۆمەڵگە ئامادەبییەکی هوشیاریی و ڕۆشنبیرییەکی پێویستی بۆ مافی بەکاربردن، بەراوردکردنی سوود و زیانی، نەبەزاندنی سنووری کەسانی دەوروبەر لە بەکارهێنانیدا نییە و دەبنە بەڵا و هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و هەراسانکردنی کەسانی دیکە.

یەکێك لەو کەرەستە تازە باوانەی نێو بازارەکانی کوردستان، مۆبایلە. بێجگە لەوەی کە هیچ ناوەند و بەڕێوەبەرایەتییەك نییە، بڕیار لەسەر کوالێتی کاڵا هاوردەکان بدات، هیچ قسەوباسێك لەسەر سوود و زیان و مافەکانی تاك و ئەرکی کۆمپانیاکانی پەیوەندی بەرامبەر تاك و کۆمەڵگە، لە ئارادا نییە و بووەتە هۆی کوشتنی چەندان ژن و هەڵوەشاندنەوەی چەندین پەیوەندی دڵدارانە و خێزان و هەراسانکردنی هەزاران کچ.

لە ئۆروپا کاتێك کە مۆبایل بوو بە پێداویستی کۆمەڵگە، چەندین بڕیار و بەند و ڕێکەوتننامەی یاسایی بۆ بەکاربردن و سوود لیوەرگرتن و بازرگانی پێوەکردنی لەبەرامبەر مافەکانی تاکدا هاتنە ئاراوە و هەمووان بەجۆرێك پابەند بوون پێوەی، بەلام لە کوردستان نەك ئەمە، نەکراوە، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و دەلالانی بازارەوە، کراوە بە ئامرازی هەڕەشە و ناچارکردنی کچان بە داخوازییەکانی بازار و لەولاشەوە ئامرازێك بۆ چاودێری پەیوەندییەکانی خەڵك.

لەکاتێکدا کە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك و دانیشتنێکی شەوانە و گەشت و ناو باس و ترومبێلێکدا، ئەم ئامرازە بووەتە کەڵەگا و کەس ناتوانێت بەری پێ بگرێت، پێچەوانەی ئەمە ئێوارەیەك لەبەردەم باخی گشتیدا دوو میردمناڵ بە مۆبایلەکانیان خەریکی گرتنی وێنەی بالاخانەی (حەسیب ساڵحی کۆن) بوون، چەکدارەکانی ئاساییشی ئەو بالاخانەیە، بە هێرشەوە کردیانە ئەمبەر و بەبیانووی ئەوەی کە وێنەگرتنی ئەو بالاخانەیە قەدەخەیە، مۆبایلەکانیان لە دوو مێردمناڵەکە سەند و کەوتنە راکێشکردنی دوو مێردمناڵەکە. ئەمە لە کاتێکدا لە کوردستان هەراسانکردن و ناچارکردنی کچان و هەڕەشەکردن لێیان بە

بڵاوکردنەوەی دەنگ و وێنە و کورتە فیلمی بە دزیییەوە گیراویان، دەستەمۆ و ئەتك دەکرێن و هیچ یاسا و دەسەلاتێك لە ئارادا نییە، بەر بەم کەڵەگاییە بگرێت، کە بە زۆری کورانی لێپرسراوان و دەوڵەتمەندان و پۆلیس و ئاساییشەکان و تیمە چەکدارە تایبەتییەکانن، پێی هەڵدەستنن و لەشکریك لە کچان و ژنانیان کێشاونەتە پای وەلامدانەوە بە ملهورییەکانیان، کەچی هەر ئەو دەسەلاتە و پیاوەکانی بۆ بەرگرتن بە وێنەگرتنی بالاخانەیەك، کە مشتێك مشەخۆری ئەنگڵئاسای تێدا کۆبووەتەوە، وەك مێردەزمە لە چاوتروکانێکدا ئامادەن و بێگوێدانە هیچ مافێك و لەبەرچاوگرتنی تەمەنی خوار هەژدەساڵی و باری دەروونی مێردمناڵان، وەك بەعسییەکان دەکوتنە سەریان و مۆبایلەکانیان دەبەن و خۆشیان ڕاکێش دەکەن.

## خەباتی سەردیوار و نێو ئاودەستخانە

لە کوێ دەسەلاتی سەرکوتگەر هەبوو، ئاودەستخانە دەبێتە دەفتەری میوان و سەردیوارانیش شوێنی تابلۆی ڕاگەیاندن دەگرنەوە. بۆ ناسینی ئەم دیاردەیە، پێویستمان بە دوور ڕۆیشتن



نییە و سەر بە ئاودەستخانەی گشتی هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا بکەیت، دەبیتە خوێنەری لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی سەردەرگەی ئاودەستخانەکان، چونکە لە هەر شوێنێك سەرکوتگەر هەبێت، خەباتی ئاودەستخانە (خ. ئـ.)ش لە ئارادایە و پەرە دەستێنێت.

لەم گەشتەمدا بۆ کوردستان، ئەوەی وەك خۆی مابوو و تا رادەیەکیش ڕەوشی پەرەی سەندبوو، خەباتی سەردەرگەی ئاودەستخانەکان بوو. نووسەرانی ئاودەستخانەکان رامیاری تر و هوشیارتر بوون. دەهەی هەشتای سەدەی رابوردوو، خەباتی ئاودەستخانە (خ. ئـ.) ئاست و ئاراستە و ڕەهەندێکی تری هەبوو، ئەوسا ئاراستەی ئەم خەباتە ڕووەو ڕژێم وەك داگیرکەرێك بوو و هاوکاتیش ڕەهەندەکەی شەڕە پارتۆکە و ماسولکەنواندنی هێزە چەکدارەکان بوو بەرامبەر بەیەك. لە دەهەی نەوەددا، ئەوکات کە ئاوی گۆزە تازەکەی

دەسەلاتی بۆرژوازی کورد هێشتا خۆش بوو، ئاراستەی ئەم خەباتە گۆڕا و ڕووی کردە دژایەتی هەر دەنگێکی نارازی بە دەسەڵات و ماوەیەك دروشم نووسین بەنێوی (حزبی تڵپە دیموکراسی پرۆلیتاریا) وەك گاڵتەکردنێك بە بیری چەپگەرایی هەموو ئاودەستخانەکانی گرتەوە. بەلام زۆری نەخایاند ئەم دەنگە دووبەرەکی تێکەوت و بە دەستپێکردنی شەڕی میلیشیایی پارتەکان، تا کۆتایی دەهەی نەوەدی سەدەی رابوردوو شەڕە پارتێنەی دەهەی هەشتا سەریهەڵدایەوە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا خاڵێکی هاوبەش لەم خەباتەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەوەی ڕۆژنامەگەری فەرمی و نافەرمی ڕاستەوخۆ و بێ پەردە باسی لێوە ناکات، ئەم خەباتە خۆی لە قەرەی دەدات و قسەی دڵی بێبەشانی کۆمەڵگە بێ ڕازاندنەوە و پێچوپەنا دەردەبڕێت.

ئەوڕۆکە تەنیا لە ئاودەستخانەکاندا ئەم دیاردەیە بەدی ناکرێت، بەڵکو لەسەر دیوارە پانوپۆڕەکانیش دروشمی زاق و ڕۆشن دژی دەسەلات دەنووسرێت و دژایەتی خەڵك بۆ دسەلات، لەنێو دروشمەکاندا سەرەتاتکێ دەکات. ئەمە سەرەتای بەرزبوونەوەی داد و بێدای خەڵکە لەدەسەڵات و مژدەی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی ژێردەستان بە دەسەلات و دیموکراسییە نوێنەرایەتییەکەیان بە گوێی کۆمەڵگەدا دەدات.

کەرتی کشتوکار و داخوازی بازار

جاران یەکێك لەو شانازییانەی کە تاکە ناسیونالیستەکان خۆیان پێوە هەڵدەکێشا، بە پیتی دەشەتکانی شارەزوور، بازیان و ....تد، ڕۆژانی دەسەڵاتداری ڕژێمی بەعس، قسەی سەرزاری لایەنگری هەر یەك لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەوڕۆکە، ئەوە بوو "ئەگەر بێت و کوردستان ئازاد بێت و خۆمان- مەبەست لە پارتەکانی بزاڤی چەکدارییە- بەڕێوەبری بین، ئەوا نەك کوردستان دەبێتە بەهەشت، بەروبوومی کوردستان دەگەیێنینە بازارەکانی جیهان. بەڵام



شار و مانگاکانی حەمەی شێخ ئەولکەریم

ئەوەی ئەوڕۆکە دەیبینین، پێچەوانەی ئەو خەونە فریودەرانەیە دەرچوو و کوردستان بووەتە

بازاری ساخکردنەوەی بەروبوومی نائۆرگانیك و گەنیوی ولاتانی دروسێ، بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان. واتە نەك کوردستان نەبووە بنکەیەك بۆ لێدانی ئابوری ئەوان، بەڵکو جێبەجێکردنی نەخشەکانی ئەوان و ڕێدان بە سەرمایەگوزاری کۆمپانیاکانی ئەوان، بنەمای ئابوری کوردستان ڕوخێنرا و کرایە پاشکۆی ولاتانی خودپاشکۆ.

لێرەو لەوێ کەسانێك، لە خۆشباوەڕی و نەزانیانەوە، هۆی وێرانکردنی بنەما ئابورییەکانی کوردستان، کە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و کانەکانن، بۆ نەزانی و کەم ئەزموونی دەسەڵاتداران دەگێڕنەوە، بەڵام کەتواری ڕووداوەکان پەیامێکی دیکە بە گوێماندا دەدات، ئەویش وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانە بە رامیاری زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە و کردنی کوردستانە بە بازاریك بۆ ساخکردنەوەی کاڵا و بەروبوومی کەلەکەبوو دەرەوەی خۆیەتی. ئەورۆ جوتیاری کورستان، چیتر بەرهەمێنەر نییە و لە سایەی رامیاری پاشکۆیەتی پارتدا، لە شارە گەورەکاندا وەك دەستفرۆشێك خەریکی ساخکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵیی ئێران و تورکیە و سوریەیە. ئەمە بەرهەمی موتوربەکردنی بیری ژاراوی پارتەکانە بەبیرکردنەوەی کۆمەڵگەوە. کۆمەڵگەیەك کە ئەوجار نەك تەنیا توانای بەرگری لە خۆکردنی لە ڕووی سەربازییەوە نییە، بەڵکو لە ڕووی ئابورییەوە، چەند هەفتەیەك ئابلۆقەی ئابوری لێکی هەڵدەوەشێنێت.

پەراوێز:

* چەکمەی ئاسنین، دەربڕینێکە کە نووسەری ئەمریکی «جاك لەندەن» کردوویەتیيە نێوی یەکێك لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی بەناوی «چەکمە ئاسنینەکان» و پێم وایە گونجاوترین نێو بۆ دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆکەی هەرێمی باشووری کوردستان، هەر ئەم دەربڕینە بێت.

** بەداخەوە، لەبەر ئەوەی کە واژەی (پارتی) وەك کوردتکراوەیەکی نێوی (پارتی دیموکراتی کوردستان- پدک) هێندە جێکەوتە بووە، کە ناچار دەبین، هەموو جارێك بۆ جیاکردنەوەی ئەم واژەیە لە نێوی پارتی ناوبراو، ڕوونکردنەوە بدەین. هەر کاتێك خوێنەر ئەم واژەیەی لە نووسینی مندا بەرچاوکەوت، ئەوا مەبەستم (حزب)ە نەك (پدک). من واژەی پارت بە ناسکتر و گونجاوتر دەبینم، هەروەها لەبەر ئەوەی کە هەندێك نووسەر لەبری ئەم واژەیە (حزب) و هێندێکی تر (حیزب) بەکار دەبەن، کە لە هەردوو بارەکەدا هەڵەیە، چونکە (حزب) عەرەبییە و بە ڕێنووسی عەرەبی وا دەنووسرێت، هەروەها (حیزب)یش هەڵەیە، لەبەر ئەوەی کە لە عەرەبییەکەدا بە (کەسرە) دەنووسرێت نەك بە (ي) و دەنگی کەسرەکە هێندە کورتە، کە لەباری یەکەمەوە نزیکترە. کەواتە بێدەریسەرترین و گونجاوترین واژە بۆ کوردی، واژە لاتینییەکەیە، واتە (پارتی).

*** دەنگدان و هەڵبژاردن لە سیستەمی نوێنەرایەتی پارلەمانیدا، لە گەڵتەجارییەك بەولاوەتر نین. چونکە ئەگەر پارتێك لە چوارچێوەی دەستووره پارلەمانییەکەیدا زۆرینەی

دەنگ بەدەست بهێنێت و بیەوێت ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتی ولاتدا بگات، ئەوا چۆن لە چیلی 1973 بە ڕەشەکوژی چەپەکان کۆتایی هات و لە ڤینزەویلای هەزارەی سێیەمدا لەگەڵ چەندین دەستتێوەردان و پیلانی دەرەکی ڕووبەڕوو بووەوە، چارەنووسێکی لەو جۆرە چاوەڕێی دەکات. خۆ ئەگەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی سەرمایەداری بێت، ئەوا جاردەرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ سواری تانکەکانیان دەبن و کۆمەڵگە وەك کۆمونەی پاریس خەڵتانی خوێن دەکەن!

خوێنەری هێژا بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی دی، کلیکی ئەم لینکانە بکەن:

بەشی یەکەم
http://www.dengekan.com/doc/2007/7/hazhen25.pdf

بەشی دووەم
http://www.dengekan.info/dengekan/files.php?file=hazhen14_286312291.pdf

بەشی سێیەم
/http://hezhean.kurdblogger.com/37603

بەشی چوارەم
http://www.dengekan.info/dengekan/files.php?file=hazhen20_667919467.pdf

بەشی پێنجەم
http://rwanga.com/nusaran_pdf/hazhen/geshtek_bo_bireweristan-_beshi_5-_Kerkuk.pdf

بەشی شەشەم
/http://hezhean.kurdblogger.com/40820